فایلی ژماره



تیۆریە سەربازیەکانی ماو تسی تۆنگ



کتێبی سووری ماو تسی تۆنگ



ما و بزوتنەوە نیشتمانیەکان



# ماو تسی تۆنگ

# بیبلۆگرافیای ژیانی ماو تسی تۆنگ
# لادێکان دلی شۆڕشن

ئا: لوقمان ڕەئوف

-ماو وەک کەسایەتێکی سیاسیو رابەریکی سەربازی (26/12/1893)لەگوندی شاوشان لەهەرێمی هونان لەبەشی هیوفن و لەخێزانێکی جوتیار لەچین لەدایک بووە.

-لەسەرەتای لاویەتیدا کاری لەسەر مەسەلەی راپەرینی جوتیاران‌و ئەو شەرانەی لە (1850-1864) ڕویانداوە کردوە.

-لەساڵی(1911) شۆڕشێکی لەدژی وەچەی چینخ بەرپاکردو لەدوای چەند مانگێک، کۆتایی بەسەردەمی پاشایەتی هێنراو سیستمی کۆماری لەچین راگەیەنرا، تاساڵی (1949) بەهۆی شەری ئەهلیەوە نەتوانرا حکومەتێکی جێگیر دابنرێت.

-لەساڵی (1901-1910) لەچین نزیکەی هەزار راپەرین ئەنجامدراون.

-لەساڵی (1911-1918) لەشەنغشا سەرقاڵی خوێندن بوو، لەشەنغشا تاوەکو مۆڵەتی فێرکردنی وەرگرت‌و رایگەیاند"بۆ یەکەمجار لەژیانمدا نەخشەی جیهانم بینی ، بۆیە زۆر بەگرنگیەوە لێمکۆڵیەوە" وانەی فەلسەفی و مێژوویی وڵاتانی وتوەتەوە، لەهەمانکاتیشدا بۆ یەکەمجار مانیفێستی شیوعی مارکس‌و ئەنگلسی خوێندەوە .

-لەساڵی (1917)دوای ئەوەی (ژینگیک)بۆری هەناسەی خۆی بری بەهۆی ئەوەی ویستیان بەزۆر بیدەن بەشوو، بۆیە ماو رایگەیاند"ژنان خاوەنی هێزێکی شۆڕشگێڕی گرنگن" بۆیە زۆر لەژنان چونە بەرەی شۆڕشەوە.

-لەساڵی (1918) بووە مامۆستا لەزانکۆی پەکین و لێرەش بەهۆی بیرکردنەوەی چەپی بووە شیوعی.

-(1920) بەئاشکرا دەرکەوت مارکسیە، وەک دەیان کەسی تری چینی.

-(1921) بوو بەیەکێک لەو (12) کەسەی کەحزبی شیوعیان لەشەنگهای دامەزراندو، پلەی وەرگرت.

لەساڵی (1921) چووە شەنغشا بۆ دامەزراندنی کۆنگرەی حزبی شیوعی چینی (pcc) لەکاتێکدا لەچین (57) مارکس هەبوو، گەورەترین گروپیان پێکهێنابوو لە(16) کەس‌و پاش دامەزراندنیش حزبی شیوعی چینی (pcc) دابمەزرێنن یەکەمین سەندیکای کرێکارانی شیوعی دامەزراند.

-(1923) لەکۆنگرەی سێ حزبی شیوعی چین هەڵبژێرا بۆ ئەندامی لیژنەی مەرکەزی .

-لەساڵی (1925) بەسەر لادێکاندا دەگەرا، بۆ ئەوەی هەم کاریان لەگەڵدا بکات، هەم لەگەڵیاندا بژی، هەمەکاریان لەگەڵدا بکات‌و گوێ لەسکاڵاو داواکانیان بگرێت.

بۆیە یەکێتی جوتیارانی دامەزراندو جوتیاریشی بۆ حزب کاندید دەکرد، چونکە پێوابوو دلی شۆڕش لادێکانە، بۆیە لەساڵی (1926) ملیۆنێک جوتیار بوونە ئەندام لەم کۆمەڵەیەدا، بەڵام دوای ساڵێک بوو بە(10) ملیۆن.

-لەساڵی (1925) ماو بیرکردنەوەی گۆڕا بەهۆی گۆڕانی چینەوە، پشتی بەجوتیارەکان دەبەست‌و هەموو سەرەنجی خۆی خستبووە سەر گەشەی کشتوکاڵی.

-لەساڵی (1937) بوو بەسەرۆکی حزبی شیوعی، گەشەی بەبیری شیوعیداو چەمکێکی نوێی بۆ بیری شیوعی نوێ بەناوی (ماویەت) هێنایە گۆڕێ، کەبریتی بوو لەتێکەڵەیەک لەشیوعەت‌و بیری لینین‌و مارکس.

-لەساڵی (1949)دوای تیرۆرکردنی زۆرێک لەسەرکردە شیوعیەکان، هێزی شیوعی سەرکەوت، وڵات دووچاری مملانێی و شەربوویەوە، لەوبارە هەژاری و نەزانیەدا، ماو شێوازی خۆی بۆ رووبەڕووبوونەوەی دوژمنەکانی گرتەبەر.

لەساڵی (1950) هێزێکی سەربازی گەورەی لەخۆبەخشەکان نارد بۆ باکوری کۆریا، بۆ شەرکردن لەدژی سوپای ئەمریکا.

-هاووڵاتی چینی بەرەو پێشکەوتن‌و سەردەمیی‌و بەهێزی برد بەهۆی گرنگیدان بەخوێندن و پیشەسازی‌و تەندروستی‌و سیستمی ئابوری‌و سەرمایەداری گۆری بۆ سۆسیالستی‌و هەموو ئۆرگانەکانی وڵاتی کۆنترۆلکرد، بۆیە لەساڵی (1958) گرنگیدا بەپیشەسازی بچوک لەلادێکان، بەهۆیەوە جوتیارو کرێکاری خستەگەر لەم بوارەدا.

-لەساڵی (1962)هێزێکی سەربازی لەسنوری هیمالایاوە نارد بۆ هندو پاش چەند هەفتەیەک لەو شوێنانەی کەگرتبووی کشایەوە.

-لەساڵی(1966) ماو شۆڕشێکی رۆشنبیری بەرپاکرد.

-خاوەنی (هەشت بەرهەمە) لەساڵەکانی (1956،1957، 1926،1927،1936،1940،1941،1942).

-لە(9/10/1976) کۆچی دوایکرد.